# ئینفێرنۆ ڤایرۆسی نەزۆکییە

ڕێکان وەلید

ئینفێرنۆ، فیلمێکی (١٢١) خوولەکییە و لە دەرهێنانی "ڕۆن هاورد"ە. ئەم فیلمە تێچوونی (٧٥،٠٠٠،٠٠٠ $)ە و توانی لە حەوتەی یەکەمی نمایشیدا، بڕی داهاتی بگەیەنێت بە (١٤،٨٦٠،٤٢٥ $.) تا ناوەڕاستی مانگی یەکی ئەمساڵ، کۆی داهات، گەیشتە (٣٤،٢٥٧،٩٢٤ $.) ئەمە لە کاتێکدایە، فیلمەکە لە مانگی (١٠)ی ساڵی ڕابردوو لە سینەماکان پەخش کراووە.

ئینفێرنۆ، لە داستانە شیعرییەکەی نووسەر و شاعیری ئیتاڵی (دانتێ ئالێگیری)دا، تاریکترین بنگۆی زەوییە و قووڵایی دۆزەخە. لەم کۆپلە شیعرە، دانتێ باس لە ئینفێرنۆ دەکات و دەڵێت:

**تاریکترین چاڵی دۆزەخ**
**بۆ ئەو کەسانە هەڵگیراوە**
**لە کاتی قەیرانە ڕەوشتییەکاندا**
**بێلایەنی خۆیان نیشانداوە**

فیلمەکـــە، چەنـد بابەتی جیاوازی لەخۆ گرتـــووە، وەک: کۆمیدیای خودایی، ڕێنێســـانس، مێـــژووی هونەر، هێمـــا ڕازدارەکان، مێژووی ئیتاڵیـــا و هێما هاوبەشـــەکانی کریســـتیانیەتی و ئیســـلام، تیۆری ماڵتۆس و قەیرانی زۆربوونی ڕێژەی دانیشـــتووان. ئەم بابەتانە زۆر سەرنجڕاکێشـــن و دەتوانیـــن بڵێین: بە یەکبەســـتنەوەی مێژووە بە ئێستایی مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوەی ڕۆمانەکە سەرچاوەی فیلمەکەیە، بۆیـــە من لە پێناو گەیاندنـــی پەیامی فیلمەکـــە، زانیارییەکانی ناو ڕۆمانەکەم کردۆتە باسی بابەتەکە.

ئینفێرنۆ، شاکاری ڕۆماننووسی ئەمریکی (دان براون)ە، کە یەکێکە لە ڕۆماننووسە بەناوبانگەکانی جیهان. لە دوای ڕۆمانی (کۆدەکەی داڤێنشـــی)، نووسەر ئینفێرنۆی بڵاوکردەوە. دان براون تاکو ئێستا (٦) ڕۆمانی نووســـیوە. ئەوەی من دەمەوێ لەم بابەتەدا بیناسێنم (ئینفێرنۆ)یـــە. دان براونـــی نووســـەر، ناوی کتێبـــی ئینفێرنۆی لە کارەکتـــەری ناو ڕۆمانەکە، کە بایۆکمیســـت (بێرنارد زۆربیســـت)ە وەرگرتـــووە، چونکـــە دان براون لە پێشـــەکی ڕۆمانەکـــەدا دەڵێت: ڕووداوەکان گشـــتیان ڕاســـتین، بـــەڵام تەنیـــا نـــاوی کەســـەکان و ڕێکخراوی (کۆنســـێرتیوم) گـــۆڕدراوە، کە ڕێکخراوێکە ڕاســـتییە و نووســـینگەی لە حەوت وڵات هەیە، بەڵام لەبەر ئاسایشـــی و باری تایبەتی خودی ڕێکخراوەکە، ناوەکە گۆڕاوە.

تەوەری ســـەرکی ڕۆمانەکـــە، ململانێی نێوان زانایی بایۆکیمســـت (زۆربێســـت)ە، لەگـــەڵ ڕێکخـــراوی تەندروســـتی جیهانیـــی، ئەم ململانێیـــەش لە کاتێک ســـەر هەڵدەدات، کە زۆربێســـت میوانداری سەرۆکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەکات و پێشنیاری ڕێگە گرتـــن لە زۆربوونی ژمـــارەی دانیشـــتوان دەکات. بۆیە لە ڕوانگەی ڕێکخـــراوی تەندروســـتی جیهانیـــی، هەرجـــۆرە پێشـــنیارێکی ئاوا دەچێتە قاڵبی تیرۆری نێودەوڵەتییەوە. بۆیە زۆربێســـت دەکەوێتە

ژێـر چاودێـری ڕێکخـراوی تەندرووسـتی جیهانیـی، هەوڵدەدرێت بدرێتــە دادگــە، بە بیانــووی فکری تیـرۆری زانسـتیی. گوایە بە نیازی دروسـتکردنی (تاعوون)ە و دەیــەوێ جارێکی تر، تاعوون جیهـان وێـران بـکات، بـۆ کەمکردنەوەی ڕێـژەی دانیشـتوان، لە ڕوانگەی زۆربێسـت ڕۆژ بە ڕۆژ جیهان لە گەشـەیەکی نارێک دایە. بۆیــە ئەگــەر پێش لــەو زیادبوونە نەگیردرێت، کە بــە پێی داتایی نێودەوڵەتی تاکو سـاڵی (٢٠٥٠)، ڕێژەی دانیشـتوانی گۆی زەوی دەبێتە (٩) بلیۆن کەس. بەمەش پێداویسـتییەکانی زەوی بەشـی ڕێژەی دانیشـتوان ناکات، بەم هۆیەش کاولکاریی درووست دەبێت، کوشـتن و لەناوبـردن هەمـوو سـەرزەوی دەگرێتەوە. زۆربێسـت، هەمیشــە ترسـی لەم ڕوودانە هەبـووە، بۆیە تــەواوی ژیانی خۆی تەرخـان دەکات، بـۆ دۆزینــەوەی ڕێگەچارەیەک بەر لــە ڕوودانی مەترسی گەورە. هەر بۆیە ئامۆژگارییەکانی زۆربێست، بۆ ڕێکخراوی تەندرووسـتی جیهانیـی، ئـەوە بوو کەوا، بۆچـی دەبێت لە (٦٪) داهاتــی وڵاتــی ئەمریکا بۆ چارەسـەری ئەو نەخۆشـانە بێت، کە مانگێک زیاتریان نەماوە لە ژیان، لە کاتێک دەکرێ بەیەک دەرزی، ڕێگە لــەو خەرجییە بگیردرێ و نەخۆشـەکەش نەناڵێنێت؟ بۆچی دەبێت ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانیی، بڕێکی زۆری داهاتی خۆی بۆ دروسـتکردنی کۆندۆم و ناردنی بە خۆڕایی بۆ وڵاتانی ئەفریقی تەرخان بکات، لە کاتێک دەتوانێت ڕێگەی ئاسانتر بدۆزێتەوە؟

ئەم هزرە مەترسیدارانە، وایکرد ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانیی، بیـر لــە گرتـن و زیندانیکردنـی زۆربێسـت بکاتــەوە (ئەنترپول) تێبگەیێنێت، بەڵام زۆربێست بۆ خۆشاردنەوە لە پۆلیسی ئەنترپول و دروسـتکردنی ڕێگەیــەک بــە کەمترین زیـان پەنـا دەباتە بەر ڕێکخراوی (کۆنسێرتیوم)، کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە و دەتوانێ ئاسایشـی ئەو کەسە بەرقەرار بکات، کە موشتەری ئەو بێت، تاکو

پۆلیسی هیچ حکومەتێک یان ئەنتەرپول و دەزگە سیخورییەکانیش نەتوانن بیدۆزنەوە. بارەگەی ئەم ڕێکخراوە لەناو مێنداسیۆمێکە، کە گشت پێداویستی سەربازیی لەخۆگرتووە و شوێنەکەشی لەناو دەریادایە، بۆ بەرنگاربوونەوەی هەر هێزێکی دەرەکی، هەمیشە ئامادەیە.

(رۆبێرت لانگدن)، کارەکتەری سەرەکی زۆربەی ڕۆمانەکانی (دان براون)ە. پرۆفیسۆری خوێندنەوەی سیمبۆلەکانە لە زانستگەی هارڤارد. کارەکتەرێکی گرینگی ئەم ڕۆمانەیە. لانگدن، توانای شکاندنی کۆدەکانی هەیە.

دوای یەک ساڵ، کۆتایی گرێبەستی زۆربێستە لەگەڵ کۆنسێرتیۆم، هەواڵی خۆکوشتنی زانای بەناوبانگی بایۆکیمست (بێرنارد زۆربێست) بە باوکی دووڕەگە جیناتی بەکتریا دادەنرێ، بڵاو دەبێتەوە. باس لە هەبوونی ئەو مەترسییە دەکرێت، کە زۆربێست بەر لە خۆکوشتنی، نامەیەکی پڕ مەترسی بۆ جیهان جێهێشتووە، ئەویش دروستکردنی ڤایرۆسی (تاعوون)ە. بۆیە ڕۆبێرت لانگدن دەبێتە ئەو کەسەی، کە دەبێت بەدوای ئەم کۆدانە بکەوێت، کە شوێنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە دەردەخات، چونکە لە نامەکەی زۆربێست، ڤایرۆسەکە لە ژێر ئاو و لە ناخی زەوی بڵاو دەبێتەوە، بە ماوەی یەک حەوتییە، هەموو جیهان دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی زۆربێست عاشقی دانتێ ئەلێگیرییە، بۆیە زۆربەی کۆدەکان خۆیان لەو شیعرانە شاردۆتەوە، کە دانتێ نووسیویەتی، لەناو هەمووشیان، بەشی دۆزەخ، کە ئێنفێرنۆیە.

لانگدن و سینا (خۆشەویست و عاشقی زۆربێست)، ئەو دوو کەسە دەبن، کە بە دوای دۆزینەوەی شوێنی شاردنەوەی ڤایرۆسەکە دەکەون. ئەوان هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر دەکێشن تا لە کۆتایی دەگەن بە شوێنی ڤایرۆسەکە، کە ئەویش لە وڵاتی تورکیا لەنێو

ئەشکەوتێکی شوێنەوارییی، کە ڕۆژانە سەدان و هەزاران گەشتیارانی گشت وڵاتان، سەردانی دەکەن، دایە.
کاتێک زۆربێست خۆی شاردبووە لە ترسی ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانیی، توانی ڤایرۆسێک درووست بکات. لە ماوەی یەک ساڵ، کە ڤایرۆسێکە، توانای گواستنەوەی هەبێت لە نێوان مرۆڤەکان، لە ڕێگەی هەواوە، ڤایرۆسەکە بەرگەی کەشوهەوای هەمەجۆریش بگرێت. بۆیە، کە تەواو دەبێت، ڤایرۆسەکە لەنێو چەند دەفرێکی خۆتوێنەر، کە لە ماوەی ڕۆژێکدا بتوێتەوە و بڵاو ببێتەوە لەنێو ئاودا، دوایش تێکەڵی هەوا بێت. زۆربێست ئەم ئەشکەوتە شوێنەوارەی بۆ ماوەیی یەک حەوتە بەکرێ گرتووە، بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرتێک بە خۆڕایی بۆ گشت گەشتیاران، کۆنسێرتەکەش پێشکەشکردنی کۆمیدیای خودایی دانتێیە، کە زۆربەی گەشتیاران خوازیاری ئەوەن بە بلیت بتوانن بەشداری ئەو جۆرە کۆنسێرتانە بکەن.
ئەوەی جێگەی باسکردنە لە فیلمەکە، ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانیی، دەتوانێ ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە بگرێت و کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات، بەڵام لە ڕۆمانەکە و لە یەکەم ڕۆژی کۆنسێرتەکە، دەفرە خۆتوێنەرەوەکە، تواوەتەوە و ڤایرۆسەکە بەنێو هۆڵی ئەشکەوتەکە بڵاو بووەتەوە. کاتێک لانگدن و سینا، لەگەڵ ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانیی دەگەنە نێو هۆڵی ئەشکەوتەکە، کۆنسێرتەکە لە کۆتا ڕۆژدایە، ئەوان تەنیا دەتوانن پاشماوەی دەفرە تواوەکە بدۆزنەوە.
ئەو شەوەی، کە لانگدن و سینا لە کەناری دەریایەکدا پیاسەیان دەکرد، سینا بە لانگدنی گوت: لانگدن ئەوەی، کە ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانیی، لە بارەی زۆربێست دەیڵێ، کەوا ڤایرۆسی (تاعوون)ی درووست کردبێت بۆ لەناوبردنی مرۆڤەکان، ئەسڵ و ئەساسی نییە، بەڵکو لە کۆتا نامەی، کە زۆربێست بۆ منی

نـارد، ئاماژەی بە درووستکردنی ڤایرۆسی (ئینفیێرنۆ) کرد، کە ئەم ڤایرۆسە، کار دەکاتە سەر ئەو مرۆڤانەی، خانەخوێین توانای بەرگەگرتنی نەبێت، کە ڤایرۆسەکە لەناو ببات. لە جیهان لەهەر دە کەسێک، تەنیا دوو کەس ناتوانن ڕووبەڕووی ئەم ڤایرۆسە ببنەوە، بەڵام هەشت کەسەکەی تر، سەلامەت دەبن، ڤایرۆسی (ئینفیێرنۆ) ڤایرۆسی نەزۆکییە.

بە بڕوای زۆربێست، باشترین ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زۆربوونی گەشەی ناڕێک، داهێنانی ڤایرۆسی نەزۆکییە، کە نابێتە هۆی مردنی هیچ کەسێک، بەڵکو ڕێگە لە گەشەی ناڕێک دەگرێت.